Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# ڕۆڵی ژینگەی سیاسیی لەسەر پەیامسازیی هەواڵیی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان توێژینەوەیەکی مەیدانییە

**إبراهيم سعيد فتح الله[1] - كاوه عزالدين عبدالرحمن[2]**

[1+2]بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە کاتێکدایە کە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و ڕۆژنامەوانان لە هەرێمی کوردستان–عێراق لەسایەی ئازادییەکاندا بێ مەرج و ئاکارە پیشەییەکان بەردەوام لە فراوانبون و زیادبوندان، کە واپێویست دەکات بەئاگایی زیاترەوە مامەڵە لەگەڵ کۆکردنەوەو سازاندن و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکاندا بکرێت. بۆیە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بەئاگابونە لە ژینگەی سیاسی لەسەر سازاندنی پەیامی میدیایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، بۆ ئەم مەبەستە ئەم توێژینەوەیە بە پشت بەستن بە میتۆدی ڕاپیوی، فۆرمێکی ئاراستەی سەرجەم مامۆستایانی پسپۆڕ لە بەشە میدیاییەکانی زانکۆ حکومییەکان لە هەرێمی کوردستان–عێراق کراوە، ماوەی ڕاپرسییەکە لە (٢/٤ تا ٥/٤ی ٢٠٢٢)ی خایاند. سامپڵی توێژینەوەکە پێیانوایە کە هیچ کام لە دەزگا میدیاییەکان و ڕۆژنامەنوسانیش لە پەیامەکانیاندا تارادەیەک نەیان توانیوە بەتەواوی پێوەرەپیشەییەکان پەیڕەو بکەن. لەلایەکی ترەوە توێژەر گەیشتە ئەوەی کە ژینگەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر پەیامە میدیاییەکان، لە هەمان کاتدا بەپێی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە هیچ جیاوازییەکی ئاماری بەرچاونەکەوت کە ببێتە هۆی ئەوەی کە ئەو جیاوازییە بە ئاراستەی ئەرێنیدا ببات، سەرجەمیان لەو باوەڕەدابون کە ژینگەی سیاسیی کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر پەیامسازی میدیایی.

**کلیلە وشەکان:** ڕۆڵ، ژینگەی سیاسی، پەیامسازیی، کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(4).Paper9
**Received:** 17-Sep-2022
**Accepted:** 12-Oct-2022
**Published:** 29-Dec-2023

**Corresponding Author's E-mail:**
ibrahim.fathulla@univsul.edu.iq
kawa.abdulrahman@univsul.edu.iq

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

میدیا لە جیهاندا بەشێوەیەکی گشتی وەک هەر دامەزراوەیەکی دیکە پەیوەستە بەو ژینگەیەی دەوری داوە لە ناوخۆ بێت یان لەدەرەوەی دەزگاکە، بەشێوەیەک لە شێوەکان کاریگەری (ئەرێنی و نەرێنی) لەسەر دەزگا و توانا مرۆییەکانی بەجێدەهێڵێت، کە ئەمەش بێگومان لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر گۆڕانکاری بەسەردا دێت بەپێی ئەو سیستمی بەڕێوەبردنەی کە هەیە ڕەنگدەداتەوە و کاریگەری دەبێت لەسەر ئاکار و پێوەرە پیشەییەکانی کارمەندانی ناو دەزگاکە لە سازاندن و ناردنی پەیامە میدیاییەکانیاندا. توێژەر لە بەشی یەکەمدا میتۆدنامەی توێژینەوەکەی خستۆتەڕو، هەروەها بەشی دوەم تەرخانکراوە بۆ لایەنی مەیدانی، کە تیایدا شیکردنەوەی تیۆری بۆ چەمکەکانی توێژینەوەکە کراوە، لە کۆتاییدا شیکردنەوەی ئاماری بۆ ئامرازی توێژینەوەکە ئەنجامدراوە و دەرەنجامەکانی تیادا خراونەتەڕو، پاشان پێشنیار و ڕاسپاردەکان و سەرچاوەکان نمایشکراون.

## ١: میتۆدنامەی توێژینەوەکە

### ١-١: کێشەی توێژینەوەکە:

وەک ئاشکرایە، میدیا لە هەرێمی کوردستان کاریگەر و دانەبڕاوە لەو دۆخە سیاسییەی کە لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردودا هاتوەتە ئاراوە و لەو ژینگەیەدا کاردەکات. بە هۆی ناڕونی لە ئاست و جۆری کاریگەری ژینگەی سیاسیی، ئەو ژینگە میدیاییە بە سەرجەم ڕەهەندە جیاوازییەکانییەوە، بەتایبەت ژینگەی سیاسی کاریگەری لەسەر پەیامسازی لە کەناڵە ئاسمانییەکان بە دیاریکراویش لە بەرهەمهێنانی هەواڵدا کردوە. لەم ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت ئاست و ڕادەی ئەو کاریگەریانە دەستنیشان بکات کە ژینگەی سیاسی لەسەر کەناڵەکانی دروست دەکات لەڕێگەی ئەم چەند پرسیارەوە:

1. ئایا کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەکان لە هەرێمی کوردستان تا چ ڕادەیەک پابەندن بە پێوەرە پیشەییەکانەوە؟
2. تا چ ئاستێک فاکتەرە پێکهێنەرەکانی ژینگەی سیاسی کاریگەری لەسەر پرۆسەی پەیامسازی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان کردوە؟
3. ئایا گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی (ڕەگەز، تەمەن، شوێنی کارکردن، پلەی زانستی، ئەزمونی کارکردن لە دەزگا میدیاییەکاندا)، تا چ ئاستێک ڕۆڵدەبینێت لە کاریگەری ژینگەی سیاسی لە پرۆسەی پەیامسازی کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییە کوردییەکاندا؟

### ١-٢: ئامانجی توێژینەوەکە:

هیچ توێژەرێک ناتوانێت بگاتە ڕاستییە زانستییەکان بەبێ دەستنیشانکردنی ئامانجێکی دیاریکراو، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە:

1. خستنەڕوی بۆچونی ئەکادیمیانی میدیایی لەسەر ڕادەی پابەندبون بە پێوەرە پیشەییەکانەوە، و بەراوردکردنی بەگوێرەی خاوەندارێتی کەناڵ.

2. ڕادەی کاریگەری فاکتەرە پێکهێنەرەکانی ژینگەی سیاسی لەسەر پرۆسەی پەیامسازی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانەوە.
3. دەرخستنی کاریگەری گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی (ڕەگەز، تەمەن، شوێنی کارکردن، پلەی زانستی، ئەزمونی کارکردن لە دەزگا میدیاییەکاندا)، لە ڕۆڵبینینی ژینگەی سیاسی لە پرۆسەی پەیامسازی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

## ١-٣: گرنگی توێژینەوەکە:

بە هۆی پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆجیا و زانیارییەکان لە لایەک، و کرانەوە فەزایەکی فراوان بۆ میدیا، کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگا بە شێوەیەکی بەرچاو ڕو لە زیادبونە، یارمەتیدەرە لە ڕۆڵبینینی زیاتری میدیا لە ئاراستەکردن و موخاتەبەکردنی سەرجەم کۆمەڵگا. ئەم توێژینەوەیە هەوڵی دەرخستنی ئاستی ڕۆڵبینینی ژینگەی سیاسی دەدات لەسەر سازاندنی پەیامە میدیاییەکان. لە لایەکی تریشەوە گرنگیی زانستی هەیە لە ڕێگەی گەیشتن بە کۆمەڵێک پێشنیار و ڕاسپاردە، دەشێت یارمەتیدەربێت لە پێشخستن و گەشەسەندنی میدیا و میدیاکارانی کورد لە ڕوی گرنگیدان بە شێوازی سازاندنی پەیام لەکاتێکدا کە فشارە دەرەکییەکان لە ناویاندا ژینگەی سیاسی بەردەوام کاریگەری خۆی دەبێت لەو نێوەندەدا.

## ١-٤: توێژینەوەکانی پێشو:

پاش گەڕان و بەدواداچون؛ توێژەر کۆمەڵێک توێژینەوەی پێشوی کەوتەبەرچاو، کە پەیوەندیدارن یان نزیکایەتییان لەگەڵ بابەتی ئەم توێژینەوەیە هەیە، بۆیە توێژەر لێرەدا ئەو توێژینەوانە دەخاتەڕو کە لەم توێژینەوەیەدا پشتییپێبەستون لەگرنگترینیان ئەمانەن:

1. **توێژینەوەی سامية أحمد (٢٠٠٦): انعكاس البيئة الاعلامية على القائم بالاتصال.**

تێزێکە بە مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا، پێشکەش بە بەشی ڕۆژنامەی کۆلێژی ڕاگەیاندن لە زانکۆی بەغدا کراوە، لە توێژینەوە وەسفییەکانە؛ میتۆدی ڕوپێوی و مێژویی بەکارهێناوە، لەڕێگەی ئامرازی چاوپێکەوتن و فۆرمی ڕاپرسییەوە زانیارییەکانی کۆکردۆتەوە، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لەسەر گواستنەوەی بنکەی سەرەکی تەلەفزیۆنی (الشرق الاوسط) لە لەندەنەوە بۆ شاری دوبەی میدیایی.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە: تێگەیشتنە لە ڕەنگدانەوەی ژینگەی میدیایی بە (ئەرێنی، نەرێنی یان هەردوکیان پێکەوە) لەسەر ڕۆژنامەنوسان، هەروەها زانینی بۆچونی ڕۆژنامەنوسان لەسەر ژینگەی میدیای دەوروبەر و خستنەڕوی پێوەری ڕۆژنامەنوسان بۆ باشترین ژینگە لە نێوان (لەندەن و دوبەی) وەک دو ژینگەی جیاواز بۆ ئازادی ڕادەربڕین.

لە گرنگترین دەرەنجامەکانی؛ دەرکەوتوە؛ کە ژینگەی میدیایی ڕەنگدانەوەیەکی (ئەرێنی) هەبوە لەلایەن زۆرینەی بەرتوێژان، لەلایەکی ترەوە لە دیدی بەرتوێژانەوە دەرکەوتوە باشترین ژینگەی میدیایی (لەندەن)ە بۆ ئازادی ڕادەربڕین.

2. **توێژینەوەی عزام أبو حمام(٢٠١١): تأثير العوامل السياسية والاجتماعية والاقتصادية على صحافة الانترنت العربية.**

نامەیەکی ماستەرە به زمانی عەرەبی نوسراوە، پێشکەش بە کۆلێژی ڕاگەیاندنی زانکۆی الشرق الأوسط کراوە، لە توێژینەوە وەسفییەکانە میتۆدی ڕوپێوی بەکارهێناوە، بەرێگەی سامپڵی هەرەمەکی ڕێکخراو هەواڵسازانی وەرگرتوە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە: زانینی ئەو کاریگەرییەیە کە ڕەگەزی (سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوری) لەسەر ڕۆژنامەی ئەنتەرنێتی بەجێیدەهێڵێت لە ڕوانگەی هەواڵسازەکانەوە، هەروەها ئامانجی زانینی سیماکانی ئەو جۆرەیە لە ڕۆژنامەگەری.

لە گرنگترین دەرەنجامەکانی؛ دەرکەوتوە کە لە نێوان ڕای هەواڵسازاندا جیاوازی ئاماری ئاماژەداربونی نییە دەربارەی پەیوەندی ڕۆژنامەی ئەنتەرنێتی بەو سیستمی سیاسیەی کە هەیە، هەروەها نەبونی جیاوازی لە ڕای هەواڵسازاندا بەدیکراوە، لە کاریگەری عورف و بەها کۆمەڵایەتییەکان لەسەر کارامەیی ڕۆژنامەی ئەنتەرنێتی.

3. **توێژینەوەی مجيد صالح (٢٠١٢): بيئة العمل في المؤسسات الاعلامية.**

نامەیەکی ماستەرە بە زمانی عەرەبی نوسراوە، پێشکەش بە کۆلێژی ڕاگەیاندنی زانکۆی جینان لە وڵاتی لوبنان کراوە، لە توێژینەوە وەسفییەکانە میتۆدی ڕوپێوی بەکارهێناوە.

ئامانج لەم توێژینەوەیە: تیشک خستنەسەر ئەو لێکەوتانە بوە کە ژینگەی کاری میدیایی ناوخۆیی و دەرەکی لەسەر کارامەیی ڕۆژنامەنوسان لە دامەزراوە ڕۆژنامەگەرییەکانی هەرێمی کوردستان جێیاندەهێڵێت.

لە گرنگترین دەرەنجامەکانی؛ دەرکەوتوە کە ژینگەی کاری میدیایی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی باشدایە و ژینگەیەکی ئەرێنی لەناوخۆی دەزگاکاندا فەراهەمکراوە و بۆتە هۆی خوڵقاندنی سەقامگیری لە پیشەکانیاندا، هەرچی ژینگەی دەرەکیشە کاریگەری نەرێنییان هەبوە لەڕوی کارپێنەکردن بە یاسا نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ئازادی ڕادەربڕین.

## ١-٥: هەنگاوە میتۆدییەکانی توێژینەوەکە:

### ١-٥-١: جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوە وەسفییەکانە "The descriptive research"، هەوڵی زانینی هێز و توانا و ئاراستەی نێوان گۆڕاوەکان دەدات، کە لە ڕێگەی ئامارێکی ئاماژەدار (الاستدلال)ەوە بەژمارە یارمەتیدەردەبێت بۆ گەیشتن بە دەرەنجامێکی ورد و دیاریکراو.

### ١-٥-٢:کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژینەوە وەسفییەکان پێکهاتوە لە کۆمەڵە کەسانێک یان دامەزراوە یان بەرنامەی میدیایی یان هەر شتومەکێک......تاد کە لە خەسڵەتدا هاوبەشبن. سەرجەم ئەو تاکانە دەگرێتەوە کە پەیوەندیدارن بە

کێشەی توێژینەوەکەوە (**بۆکانی، ٢٠١٥، لا١١٠**)، بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە؛ توێژەر شێوازی ڕوپێوی گشتگیری (الحصر الشامل) هەڵبژارد، کە سەرجەم مامۆستایانی بەشە میدیاییەکان لەخۆدەگرێت کە سەر بە زانکۆ حکومییەکانن لە زانکۆکانی (سلێمانی، سەلاحەدین، دهۆک، هەڵەبجە) لە هەرێمی کوردستان-عێراق، بەپێی پلەی زانستییان وەک (مامۆستای یاریدەدەر، مامۆستا، پرفیسۆری یاریدەدەر، پرۆفیسۆر). بەوپێیەی دەستەبژێرێکی ئەکادیمین لە توانایاندا هەیە لەوبارەیەوە هەڵسەنگاندنێکی زانستیانە بخەنەڕو، چونکە زۆرتر گرنگیان بۆ بابەتە میدیاییەکان هەیە وەک لە کەسانی تر، لە نێویشیاندا بابەتی ئەم توێژینەوەیە کە (ڕۆڵی ژینگەی سیاسیە لە سازاندنی پەیامی کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان)دا. وەک لە خشتەی ژمارە (١) خراوەتەڕو:


خشتەی (١)

سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی دابەشبونیان بەسەر زانکۆ حکومییەکاندا

| زانکۆ | ژمارەی مامۆستایان | ژمارەی ئەو مامۆستایانەی وەلامی فۆرمی ڕاپێوییەکەیان داوەتەوە | ڕێژەی وەلامدەرەوەکان (%) |
|---|---|---|---|
| سلێمانی | ٢٣ | ٢٣ | ٢٧.٤ |
| سەلاحەدین | ٢٤ | ١٧ | ٢٠.٢ |
| پۆلیتەکنیکی سلێمانی | ٢٠ | ٢٠ | ٢٣.٨ |
| پۆلیتەکنیکی هەولێر | ٢٣ | ١٨ | ٢١.٤ |
| پۆلیتەکنیکی دهۆک | ٣ | ٣ | ٣.٦ |
| هەڵەبجە | ٣ | ٣ | ٣.٦ |
| کۆ | ٩٦ | ٨٤ | %١٠٠ |

## ١-٥-٣: ناساندنی سامپڵی توێژینەوەکە:


1) دابەشکردنی سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی ڕەگەز: ڕەگەزی نێر لە سامپڵی توێژینەوەکە ژمارەیان (٦٢)، بە ڕێژەی (٧٣.٨) لە پلەی یەکەمدایە، بەلام ڕەگەزی مێ بە چەندبارەی (٢٢) لە کۆی گشتی سامپڵەکە بە ڕێژەی (٢٦.٢) بە پلەی دوەم دێت، وەک لە شێوەی ژمارە (١)دا خراوەتەڕو:




شێوەی (١)

ڕەگەزی مامۆستایانی بەشەکانی میدیا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان


2) دابەشبونی سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی تەمەن: تەمەنی بەرتوێژانی توێژینەوەکە دابەشبون بەسەر، مامۆستایانی تەمەن ٢٥-٢٩ساڵ بە ڕێژەی (١.٢%)، بە چەندبارەی (١) کەس، پاشان ڕێژەی (٨.٣%) مامۆستایان تەمەنیان لە نێوان ٣٠-٣٤ ساڵدایە، بە چەندبارەی (٧) کەس، لە بەرامبەردا (٢٣.٨%)ی مامۆستایان تەمەنیان لە نێوان ٣٥-٣٩ ساڵیدایە، بە چەندبارەی (٢٠) کەس، هەروەها (٢٥%)ی مامۆستایان دابەشبون بەسەر ئەوانەی کە تەمەنیان لە نێوان ٤٠-٤٤ ساڵیدان، بە چەندبارەی (٢١) کەس، هەرچی ئەو مامۆستایانەشە کە تەمەنیان لە نێوان ٤٥-٤٩ ساڵدایە ڕێژەیان (١٥.٥%)ە، بە چەندبارەی (١٣) کەس، لە کۆتاییدا ئەو مامۆستایانەی تەمەنییان (٥٠ ساڵ و بەرەوژورە) ڕێژەیان (٢٦.٢%)یە، بە چەندبارەی (٢٢)کەس، وەک لە شێوەی ژمارە (٢)دا خراوەتەڕو:




شێوەی (٢)

تەمەنی مامۆستایانی بەشەکانی میدیا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان


3) دابەشکردنی سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی پلەی زانستییان: پلەی زانستی بەرتوێژانی توێژینەوەکە دابەشبون بەسەر، (٢٩.٨%) مامۆستای یاریدەدەرن بە چەندبارەی (٢٥) کەس، پاشان (٢٨.٦%)یان ئەوانەن کە پلەی زانستییان مامۆستایە، بە چەندبارەی (٢٤)کەس، لە بەرامبەردا (٣٩.٣%) پرۆفیسۆری یاریدەدەرن، بە چەندبارەی (٣٣) کەس، هەروەها (٢.٤%) دابەشبون بەسەر ئەوانەی کە پلەی زانستییان پرۆفیسۆرە، بە چەندبارەی (٢)کەس، وەک لە شێوەی ژمارە (٣)دا خراوەتەڕو:



شێوەی (٣)

پلەی زانستی مامۆستایانی بەشەكانی میدیا لە زانكۆ حكومییەكانی هەرێمی كوردستان

4) دابەشكردنی سامپڵی توێژینەوەكە بەپێی ئەزمون: مامۆستایانی سامپڵی توێژینەوەكە، ئەوانەی كە وەک پیشە لە دەزگا میدیاییەكاندا، ئەزمونی كاركردنیان هەیە زمارەیان (٦٦) كەسە، بە ڕێژەی (٧٨.٦%)، بەڵام ئەو مامۆستایانەی ئەزمونی كاركردنیان نییە لە دەزگا میدیاییەكاندا ژمارەیان (١٨) كەسە لە كۆی گشتی سامپڵی توێژینەوەكە بەڕێژەی (٢١.٤%) بە پلەی دوەم دێت، وەک لە شێوەی ژمارە (٤)دا خراوەتەڕو:




ئەزمونی كاركر ،ڕێمی كوردستان

## ١-٥-٤: سنور و بواری توێژینەوەكە:

سنوری ئەم توێژینەوەیە خۆی لە سێ ڕەهەندا دەبینێتەوە كە بریتین لە:

**یەكەم: سنوری مرۆیی:** سەرجەم مامۆستایانی بەشی میدیا لە زانكۆ حكومییەكان بە ڕەچاوكردنی پلەی زانستییان كە بریتین لە (مامۆستای یاریدەدەر، مامۆستا، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، پرۆفیسۆر) كە كارامەییان لە بواری وتنەوەی بابەتە تیۆرییە میدیاییەكاندا هەیە و سەرقاڵن بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لە سەرجەم لایەنە جیاوازەكانی بواری میدیایی.

**دوەم: سنوری كات:** مەبەست لە چوارچێوەی ئەو ماوەیەیە كە دیاریكراوە بۆ لێكۆڵینەوە لە كۆمەڵگای توێژینەوەكە، لەم توێژینەوەیەدا كاتی پێویست بۆ ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەكە لە ڕۆژی (٢/٤ /٢٠٢٢) تا ڕۆژی (٥/٤ /٢٠٢٢)ی خایاندوە، هەر لە سەرەتای دابەشكردنی فۆڕمەكانی تایبەت بە سامپڵی توێژینەوەكە، لە ڕێگەی (Google forms)، تا كۆكردنەوی وەڵامەكان، پاشان داخڵكردنیان بۆ ناو پرۆگرامی ( IBM SPSS Statistics 25) و پۆلێنكردن و شیكردنەوەیان و گەیشتن بە ئەنجامەكان.

**سێیەم: سنوری جوگرافی:** مەبەست لێی ئەو شوێنە یان ژینگەیەیە كە توێژەر دیاریكردوە بۆ هەڵبژاردنی بەرتوێژەكانی، كە پێكهاتون لە بەشی میدیا لە زانكۆ حكومییەكانی هەرێمی كوردستان، كە پێكهاتون لە زانكۆكانی (سەلاحەدین، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە).

## ١-٥-٥: ئامرازی كۆكردنەوەی زانیاری توێژینەوەكە:

لە توێژینەوەی زانستیدا دەشێت ئامرازێک و زیاتر بەكاربهێنرێت تا لەڕێگەیەو بتوانرێت داتا و زانیارییەكانی توێژینەوەكەی پێكۆبكرێتەوە، كە هەڵبەت لە توێژینەوەیەكەوە بۆ توێژینەوەیەكی تر گۆڕانكاریان

بەسەردادێت. توێژەر لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسییەوە کە تایبەت بو بە ئەکادیمیانی بواری میدیا، هەستا بە کۆکردنەوەی داتاکان، کە وردەکاری ئامانجەکانی توێژینەوەکەی لەخۆگرتوە، و لە ڕێگەی چەند مامۆستایەکی پسپۆڕەوە لە بوارەکانی (ڕاگەیاندن، زانستە سیاسییەکان، دەرونی و یاساییەوە) هەڵسەنگاندنی بۆ کرا تا بتوانرێت لە ڕێژەی ڕاستی فۆرمەکە دڵنیابین.

### ١-٥-٦: شێوازی شیکردنەوەی داتاکان و پێوەرە ئامارییە بەکارهاتووەکان:

لە دوای تاوتوێکردن و پێداچونەوەی فۆرمی ڕاپرسییەکە، توێژەر هەستا بە پێدانی بەها بە زانیارییەکانی ناو فۆرمەکە، پاشان لە ڕێگەی پرۆگرامی (IBM SPSS Statistics 25)ەوە شیکاری بۆ زانیارییەکان و تاقیکردنەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان ئەنجامدا، بە سودوەرگرتن لەم هاوکێشە ئامارییانە:

1. ئاماری چۆنییەتی تایبەت بە دابەشکردنی چەندبارەکان، بەئامانجی خستنەڕو و ناساندنی سامپڵی توێژینەوەکە و بەراوردکرنیان بە ڕێگەی (ڕێژەی سەدی %).
2. تاقیکردنەوەی (T-Test) بۆ دەرخستنی جیاوازی لە نێوان ناوەندەژمێرەی دو کۆمەڵگەی جیاواز، دیاریکردنی ئاماژەکان لە نێوان ناوەندەژمێرەی دو سامپڵی کە لادانی پێوەرییان زانراو بێت.
3. شیکاری جیاوازی (ANOVA) بۆ دەرخستنی ئاستی ئاماژەی جیاوازییەکان لەنێوان کۆمەڵەکاندا.

## ٢: لایەنی تیۆری شیکردنەوەی چەمکەکانی توێژینەوەکە:

### ٢-١: پەیامی میدیایی لە پرۆسەی کۆمیونیکەیشندا:

پەیامی میدیایی بەشێکی سەرەکی پرۆسەی کۆمیونیکەیشنە، بەئامرازێکی گرنگی نێوان میدیا و جەماوەرەکەی دادەنرێت؛ ڕاستییەکان بە واقیعی تاک و بەرژەوەندییەکانیەوە دەبەستێتەوە، گوزارشتە لەو ئامانجانەی کە دەیانەوێت بەدەستی بهێنن و بە ئاسانی بیانگوازنەوە بۆ جەماوەرەکانیان، لەپرۆسەی کۆمیونیکەیشندا دو ڕەگەزی سەرەکی هەن کە میدیا و ڕۆژنامەنوسان پشتیان پێدەبەستن، ئەوانیش ڕۆژنامەنوس وەک (پەیامنێر) دوەمیان پەیامی میدیاییە، کە بەشێوەیەکی گشتی هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە زۆرترین بینەر لەو ناوەندە جوگرافییەی کە جێی مەبەستە، تا بتوانێت ئاراستەیان بکات، کە بێگومان ئەم پرۆسەی کۆمیونیکەیشنەش لە نێوان نێرەر و وەرگردا مشتومڕێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە.

زانای بواری سیاسەت لە ولایەتە یەککگرتوەکانی ئەمریکا (هارۆڵت لازوێڵ) لە ساڵی ١٩٣٤ – ١٩٤٨ مۆدێلێکی تایبەتی کۆمیونیکەیشنی بە خۆی پەرەپێدا، کە بەیەکەمین مۆدێلی کۆمیونیکەیشن دادەنرێت وەک هەوڵێک بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی پرۆسەی کۆمیونیکەیشن، ئەمەش لەسەر بنەمای پێنج پرسیار (کێ، چی دەڵێت، بە چ ڕێگەیەک، بۆ کێ، هەروەها کاریگەرییەکانی چین؟)(**عبدالرحمن، 2011، ص53**).

دوابەدوای ئەمە (ڕایمۆند نیکسۆن) پێداچونەوەی بۆ مۆدێلەکەی لازوێڵ کرد، بەشێوەیەک مۆدێلێکی نوێی جیاوازی هێنایە ئاراوە، ئەویش بەلەبەرچاوگرتنی سەرجەم ئەو بارودۆخانەی کە لەدەوری پرۆسەی کۆمیونیکەیشنن و کاریگەرییەکانی لەسەر ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکان، کە بەشێوەیەکی گشتی مۆدێلەکەی

نیکسۆن خۆی لە شەش پرسیاردا دەبینییەوە (کێ، چی دەڵێت، بۆ کێ، کاریگەری ئەوەی وتراوە چییە، لە چ بارو دۆخێکدا وتراوە، بە چ ئامانجێک). ئەم گۆڕانکارییە لایەنگرێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا بەوەی پەیامەکان کاریگەرییەکانیان جیاواز دەبێت، کاتێک ئامانجێکیان لەپشتەوە بێت و لەژێر کاریگەریدا بن(**شال، 1985، ص47**).

توێژەرانی بواری کۆمیونیکەیشن بەردەوام گرنگی زۆریان داوە بەو بارودۆخەی کە پرۆسەی کۆمیونیکەیشنی پیادا تێپەڕ دەبێت، لە نێویاندا (ڕیتشارد برادۆک) لە ساڵی ١٩٥٨ چەند گۆڕانکارییەکی بەسەر مۆدێلەکەی لازوێلدا هێنا، کە پێیوابو پێویستە لەم نێوەندەدا دو ڕاستی لە پرۆسەی کۆمیونیکەیشندا لەبەرچاوبگیرێت، یەکەمیان؛ ئەو بارودۆخەیە کە پرۆسەی کۆمیونیکەیشنەکەی پێدا تێپەڕدەبێت، کە پەیوەستە بەو بارودۆخ و ژینگەیەی لەسەر نێرەرە لە کاتی هەڵبژاردنی بیرۆکە و لێکدانەوەکانیدا، دوەمیشیان؛ ئەو ئامانجانەی کە نێرەر ئامانجێتی بیانگەیەنێت. بەم شێوازە مۆدێلەکەی لازوێلی داڕشتەوە کە (کێ، چی دەڵێت، بەکام ئامراز، بۆ کێ، لەچ بارودۆخێکدا، بۆ چ ئامانجێک و بە چ کاریگەرییەک؟)(**Braddock, 1958, pp88**).

کەواتە بەپێی ئەو ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر پرۆسەی کۆمیونیکەیشندا هاتوە، بۆمان دەردەکەوێت کە پرۆسەی کۆمیونیکەیشن بەتەنها ئەوەندە نییە کە پەیام لە نێرەرەوە بگاتە وەرگر، بەڵکو پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و لەو نێوەندەدا چەندین ڕەگەز هەن کاریگەرییەکانی ئەو پەیوەندییە ئاراستە دەکەن کە پێویستە لەبەرچاوبگیرێت، وەک بیر و باوەڕ و دابونەریتەکان، هەروەها باگراوندە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیر و سایکۆلۆجییەکان.

### ٢-٢: دەروازەیەک بۆ ژینگەی میدیایی:

پێشکەوتنی خێرا و هەمەچەشنی ئامرازەکانی میدیا و کۆمیونیکەیشن لە جیهاندا بەشێوەیەکی گشتی، بە هەردو شێوازە تەقلیدی و نوێکەیەوە؛ بەتایبەتیش تەلەفزیۆن توانیوییەتی زۆر بەخێرایی بچێتە ناو ژیانی هەر تاکێک، و ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە لە ئاراستەکردن و کاریگەری دروستکردن لە سەر ڕای گشتی، لەگەڵ ئەوەشدا میدیاکاران ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە لە دروستکردنی ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکاندا.

ژینگە وەکو چەمک لە بەکارهێنانی باودا، بە زۆری ئاماژەیە بۆ ئەو جیهانە فیزیکییەی کە دەوری شتێک دەدەن یان دەوریان داوە، لەمەش باوتر لە زمانی مۆدێرنەدا زۆرجار وەک هاوواتایەک بۆ جیهانی سروشت دەخرێتەڕو، ڕەگ و ڕیشەی چەمکی ژینگە لە بنەڕەتدا وشەیەکی فەرەنسییە (environ) بەواتای (دەوردان یان داپۆشین) دێت (**Barry, 1999, pp15**).

ڕوانینی بیرمەندان و زانایان بۆ مانای ژینگە ئاڵۆزییەکی پێوەدیارە، دەشێت هۆکارەکەشی بگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بیروبۆچونیان لەو بوارانەی کە لێکۆڵینەوەیان دەربارەوە کردوە، هەر بۆیە هەندێکجار تێکەڵییەک دروست دەبێت لە نێوان چەمکی (ئایکۆلۆجی و ژینگە)دا، کە لە ڕاستیدا زانستی ئایکۆلۆجی بەواتای ژینگەناسی دێت، بەشێکە لە بەشەکانی زیندەوەرزانی کە زانای بایۆلۆجی (ئەرنست هیگڵ) لە ساڵی ١٨٦٦ دا بۆ یەکەمجار ئەم زاراوەیەی لە بواری ڕوەکزانیدا بەکارهێنا، ئاماژەی بەوە داوە کە ئەو زانستەیە لە پەیوەندی نێوان زیندەوەران دەکۆڵێتەوە لەو نێوەندەی تێیدا دەژی و توانای بەرگریکردنی لەناو ئەو سروشتەی تێیدا دەژی، پاشان تیۆری داروینزم (چارلز داروین) ئەم زاراوەیەی لە بواری زیندەوەرزانی و گەشەسەندنی جۆر و مانەوە

بۆ بەهێزتر بەکاریهێنا (**ئەحمەد، ٢٠١٥، ل٨٠**). بەڵام زانستی ژینگە لێکۆڵینەوەیە لەو نێوەندەی بونەوەرانی تێدا دەژین، بەمانا فراوانەکەی پێکهاتوە لە هۆکارە (سروشتییەکان، کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆشنبیرییەکان، مرۆییەکان)، کە کاریگەریان هەیە لەسەر تاک و کۆمەڵ( **تصميم وتطوير المناهج، بدون سنة، ص3**).

میدیاش وەک هەر دەزگایەکی تر لە نێوەندێکدا کار دەکات کە کۆمەڵێک فاکتەر دەورەی داوە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەریان دەبێت لەسەر پەیام و کارکردن و بەردەوامی هەر دەزگایەکی میدیایی. ئەمەش وایکردوە کە ژینگەی میدیایی لە بوارە گرنگ و کاریگەرەکان بێت بۆ پێویستی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە لەو ژینگەیەی دەوری دەزگا میدیاییەکانی داوە، کە هیچی کەمتر نییە لە هەر دەزگایەکی تر، بەڵکو دەشێت ئەم پێویستییە زیاتریش بێت؛ بەهۆی تایبەتمەندیی و سروشتی کار لە دەزگا میدیاییەکان و ئەو ئاستەنگانەی بەسەرچالاکییەکانیاندا دەسەپێندرێت (**جاسم و عثمان، 2003، ص97**). دکتۆرە (مي عبدالله) دەڵێت؛ ژینگەی میدیایی ئەو فاکتەرانەن کە دەوری هەر دەزگایەکی میدیایی دیاریکراویان داوە، لەتوانایدایە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەر لەسەر هەر کەسێک بکات کە سەر بەو دەزگایەن، چ وەک نێرەر یان وەرگر، و دەشێت کاریگەری لەسەر کۆی پرۆسەی کۆمیونیکەیشنەکە هەبێت(**عبدالله، 2014، ص78**).

ژینگەی میدیایی سیستمگەلێکە لە فاکتەری کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری، یاسایی و پیشەیی پێکدێت کە کاریگەری لەسەر کاری ڕۆژنامەنوسان و دەزگا میدیاییەکان دادەنێت. دەشێت بەوە پێناسە بکرێت کە کۆمەڵێک هێز و گۆڕانکاری چالاکن لە ناوەوە و دەرەوەی دەزگا میدیاییەکان کار دەکەن، کاریگەریان بەسەر توانای دەزگا میدیاییەکانەوە هەیە لە بەئەنجام گەیاندنی چالاکییەکانیان بە ئامانجی گەیاندنی ئایدیا و بۆچونەکانیان بە جەماوەر و ڕای گشتی (**جاسم و عثمان، مصدر سابق، ص105**).

(هادي الهيتي) لەبارەی ژینگەوە دەڵێت؛ ئەو بارودۆخەیە کە کۆمیونیکەیشنەکەی تیادا ئەنجام دەدرێت، و پەیوەندیدارە بە ماناسازییەوە لە نێوان نێرەر و وەرگر، کە زۆرجار ڕوبەڕوی هانیهانی دەبێتەوە سەرەنجام پەیام مانا ڕاستەقینەکەی ناپێکێت، یان ئەوەی نێرەر وێنایکردوە ناتوانێت وەک خۆی ئامانجەکەی بپێکێت، ئەویش پەیوەندی بە هۆکارگەلێکەوە هەیە وەک فاکتەرە ژینگەییەکان و ناڕونی و تێنەگەیشتن لە مانای تەواوەتی پەیام و کێشە لە ماناسازی زمانەوانی و فاکتەرە دەرونییەکان و سەرلێشێواوی لە ڕێکخستنی بیروبۆچونەکان و خستنەڕوی زانیارییەکاندا(**الهيتي، 2006، ص29-30**). (فريد ڕۆجێر) دەڵێت ژینگەی میدیایی بەواتای تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەیەک کە لە سایەی هەر سیستمێکدا کاردەکات، پێنج تایبەتمەندی دەستنیشان کردوە (بنەما ئابورییەکانی کۆمەڵگە، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیستمی سیاسی و ئایدۆلۆژیا و سیستمی کۆمیونیکەیشن)(**بو الشيخ، 2018، ص277**).

ژینگەی سیاسی مەبەست لێی هەمو شتێکە دەربارەی جۆری سیستمی حوکمداری و فەلسەفەی بەڕێوەبردن لەبارەی میدیا و جۆری ئەو یاسایانە کە لەبارەیەوە دەردەچێت، هەروەها سەرجەم یاسا کارپێکراوەکان کە پەیوەندیان بە کاری میدیاییەوە هەیە، بەدەرلەمانە هەمو ئەو لایەنانە لەخۆدەگرێت کە دەسەڵات و هێز و کاریگەریان هەیە لەسەر میدیا و ڕۆژنامەوانان، لەگەڵ کاریگەریی پەیوەستبونە سیاسییە کەسییەکان کە وەک مرۆڤێک ڕۆژنامەوانانیش ئازادن لە دید و بۆچونەکانیان. ئەو فاکتەرەیە کە تا چەند حکومەت و پارت

و كەسایەتی و گروپەكانی گوشار لە هەر وڵاتێكدا توانای ئەوەیان هەیە لەڕێگەی فشارە سیاسییە جۆراوجۆرەكانیانەوە، سنور بۆ سەربەخۆیی میدیا و ڕۆژنامەنوسان دابنێت، هەوڵی ئەوە دەدەن سنورێك بۆ توانای بەرهەمهێنانی ڕوماڵە هەواڵییەكان دابنێن و ڕێگە لە سەربەخۆیبونیان بگرن، ئەویش بە ڕێگای جۆراوجۆری وەك نەگەیشتن بە سەرچاوەكانی زانیاری و گواستنەوەیان بۆ جەماوەر(**ابراهیم، 2008، ص61**).

## ٢-٣: ژینگەی سیاسی لە چوارچێوەی سیستەمە میدیاییەكاندا:

پەیامە میدیاییەكان بەگوێرەی ئەو ژینگەیەی تیایدا ئامادەدەكرێت گۆڕانكارییان بەسەردا دێت، ڕۆژنامەنوس كاتێك ئامادەكاری سازاندنی پەیامێك دەكات، لەگەڵیدا كۆمەڵێك كارتێكەر لەو پرۆسەیەدا ڕۆڵ دەگێڕن، بەتایبەت ئەو كەلتورەی لەناو كۆمەڵگاكەیەوە وەریگرتوە و تیایدا ژیاوە، ئاین و ڕەنگ و ڕەگەز و سیاسەتی ناوخۆیی ئامرازە میدیاییەكان و خاوەندارێتی و چاودێریكردن، هەروەها ژینگەی سیاسی وڵات، لەگەڵ تواناو لێهاتویی خودی ڕۆژنامانوسەكە، سەرجەمیان كاریگەریان دەبێت لە پرۆسەی سازاندن و ناردنی پەیامە میدیاییەكاندا. سیستیمەكانی میدیا پەیوەندییەكی بەهێزیان هەیە بە سیاسەتە میدیاییەكان و كۆی گشتی پرۆسەی كۆمیونیكەیشن و ناوەڕۆكی پەیامەكانیان، كە دابەشدەبن بۆ:

### ٢-٣-١: سیستمی دەسەڵات:

ئەم سیستمە كۆنترین جۆرە، سەدەكانی "شانزە و حەڤدە" لە ئەوروپای خۆرئاوا سەریهەڵدا، شوێنكەوتوانی پێیانوایە كە ڕاستییەكان و هێز لەلای دەساڵاتی بەڕێوەبردنە، لەسەر میدیا پێویستە لە خزمەتی ئەو دەسەڵاتەدا بێت و هەر شتێك ئەو بیەوێت بیگەیەنێت بە جەماوەر. فەلسەفەی ئەم سیستمە ئەوەیە كە میدیا و ئامرازەكانی هیچ ئەركێكیان نییە بێجگە لە پاراستنی دەسەڵات، مافی ڕەخنەگرتنی لە سیاسەتی گشتی وڵات ئەركی ئەو نییە، سیستمی حوكومڕانی لە ئیسپانیا تا مردنی فرانكۆ و پێش كودەتای سەربازی لە پورتوغال و و وڵاتی چیلی و هەندێك لە وڵاتانی جیهانی سێیەم لە شوێنكەوتوانی ئەم جۆرە سیستمە بون (**سكري، 1991، ص239**). لەو ماوەیەدا حوكومڕانییەك بەڕێوەدەچو كە تێكەڵەیەك بو لە توندوتیژی و حوكمی ڕەها، لە یەكەمیاندا حوكمڕان ملكەچ بە یاساكان نابێت، هیچ سنورێك بۆ دەسەڵاتەكانی نییە، ویستی خۆی چۆن بێت بەو جۆرە مامەڵە دەكات و ئیرادەی خۆی دەكاتە یاسا. هەرچی حوكمڕانی ڕەهایشە سەرجەم دەسەڵاتەكان لای تاكە كەس یان گروپێكە كە ملكەچكراون بە كۆمەڵێك یاساوە. بڕوای تەواوی بە كۆنترۆڵی میدیا هەیە لەلایەن دەوڵەتەوە و تەماشای ڕۆژنامەنوسان دەكات وەك فەرمانبەرێك ملكەچ بۆ فەرمانەكانی دەسەڵاتی سیاسی و شیاوی ڕەخنەلێگرتن نییە، پێیانوابو كە میدیا وەزیفەیە و دەبێت لە خزمەتی حزبدا بێت، و كاروبارەكانی دەوڵەت هەڵبسوڕێنێت (**مەحمود و ئیبراهیم، ٢٠١٧، ل٢٧٧**).

### ٢-٣-٢: سیستمی لیبراڵی"ئازادی":

سەدەی "هەژدە ونۆزدە" سەرتایەكی تازە بو بۆ ئەم سیستمە، لە وڵاتی بەریتانیا سەریهەڵدا و لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمریكای باكور بڵاوبۆوە. بەپێی ئەم تیۆرەیە میدیا ئازادییەكی ڕەهای هەیە، بەڵام لە ژێر هەندێك یاسای دیاریكراودا. كە هۆكارێكی سەرەكی بو لە پێشكەوتنی خێرای ئامرازەكانی میدیا و هێنانەكایەی

بنەماکانی ئازادی ڕادەربڕین و ڕاو ڕای جیاواز. ئامانجی بەگژداچوونەوەی تیۆری دەسەلات بو لە پێناو گێڕانەوەی بەرپرسیارێتیی و ئازادی بۆ تاک.

جۆن میلتۆن، تۆماس جیفرسۆن، جان ستیوارد میل و جۆن لوک" زۆرێکی تر لە پێشڕەوانی ئەم سیستمەن، کە نوسینەکانیان لە چوارچێوەی ڕۆڵی دەوڵەتدایە لە پاراستنی تاک و مافە سروشتییەکانی. "جۆن لوک" لە بڵاوکراوەکانیدا دەڵێت، گەل سەرچاوەی دەسەلاتە نەوەک پاشاکان. زۆرێک لە نوسینەکانی دەربارەی ئەرکەکانی دەوڵەتە بەرامبەر بە تاکەکان، لە ڕوانگەی ئەمەوە دەوڵەت لە پلەی دووەمدایە لە دوای تاک، لە هەندێک شوێندا وەک بریکارێک تەماشای دەوڵەت دەکات کە کارەکانی بە ئەنجام دەگەیەنێت بەپێی بەرژەوەندی و مۆڵەتی بریگرتەکەی، هەر پێشێلکارییەک لەوبارەیەوە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە. لەلایەکی ترەوە "ستیوارد میل" جەخت لەسەر فەراهەمکردنی ئازادییەکی فراوان لە بواری بیرکردنەوە و ڕادەربڕین بۆ تاک دەکاتەوە، بەئەرکی دەوڵەتی دەزانێت ئەو ئازادییە بەبێ دروستکردنی هیچ ئاستەنگێک دەستەبەربکات(**سكري، مصدر سابق، ص239**).

### ٢-٣-٣: سیستمی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی:

پاش ئەوەی سیستمی ئازادی دوچاری کۆمەڵێک تێبینی هات، لەدوای جەنگی جیهانی دوەم لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا سیستمێکی نوێ سەری هەڵدا بەناوی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، کە هەڵقوڵاوی ئەو بۆچونەیە، کە ئازادی میدیا ماف و ئەرک و سیستم و بەرپرسیارێتییە، بەو مانایەی کە ئازادی مافە، لە بەرامبەردا ئەرکێکە پێویستە کە ئازادیخواز هەستی پێبکات، بەشێوەیەک کە نەبێتە هۆی جوڵاندنی غەریزەکانی جەماوەر، بەڵکو گوتارێک بێت بە ئاراستەی ئاوەزی تاک و هانیاندانیان بەو ئاراستەیەی کە میدیا پێداویستییەکانیان پردەکاتەوە و ڕاستییەکان دەخاتەڕو. بۆ ئەو مەبەستە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسا خرانەڕو بۆ ئەوەی ڕای گشتی ببێتە چاودێر بەسەر ئاکاری پیشەییەوە، پاش ئەوەی کە ئامرازەکانی میدیا لە پێشتردا جۆرێک لە وروژاندن و بڵاوکردنەوەی بابەتی سێکسی و تاوانیان بەکاردەهێنا، کە بە دەستدرێژی بۆسەر ئازادییەکان لەقەڵەم دەدران(**زيدان، 2017، ص89**).

### ٢-٤: پەیوەندی نێوان میدیا و سیستمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان.

هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵ لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەو پێیەی بەشێکە لە عیراق و لە چوراچێوەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەراستدایە، میدیا تیایدا پریشکی سیستمی سیاسی عێراق و وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی بەردەکەوێت کە هاوشێوەی وڵاتە عەرەبییەکان لەلایەک نەیانتوانیوە خۆیان لە سیستمی سیاسی دەسەلاتگەرایی دەربازبکەن، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی گۆڕانکارییەکانی دوای جەنگی ساردو بەرەوپێشچونی تەکنەلۆجیای کۆمیونیکەیشن و پەیوەندی بەتایبەت گەشەکردنی تۆڕەکانی سۆشیال میدیا کە بۆتە میدیای هاوولاتی و کۆنترۆڵکردنی ئاسان نییە وایکردوە سیستمە سیاسییەکان ئاراستەی کارکردنیان لەگەڵ میدیادا بگۆڕن و هەنگاو بەرەوە کەمکردنەوەی دەسەلاتیان بەسەر میدیا بنێن و ڕووبەرێکی زیاتر ئازادی بەمیدیا ببەخش(**الزهراني، 2016، ص47**).

بەوردبونەوە لەو پێودانگانەی هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی میدیا لەسایەی سیستمە سیاسییەکاندا دەکەن، میدیا لە هەرێمی کوردستان بەتەواوی ناچێتە نێو یەک سیستمی سیاسی دیاریکراوە، بەو پێیەی هەرێمی کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆنمونە لەڕوی یاسای کاری ڕۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستاندا میدیاکار دەستی کراوەیەو پارێزراوە هاوشێوەی سیستمە دیموکراتییەکان، بەڵام لەپراکتیکدا میدیاکار دوچاری زۆر ئاستەنگ دەبێتەوە هاوشێوەی سیستمی دەسەڵاتگەرایی، بۆیە دەوترێت دۆخی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا تێکەڵەیەکە لە هەردو سیستمی سیاسی دەسەڵاتگەرایی و دیموکراتی(**منگوڕی، 2012، ص223-225**).

هەرچەندە پرۆژە یاسای کاری ڕۆژنامەنوسی لە هەرێمی کوردستان لە یاسای ڕۆژنامەگەری ساڵی ٢٠٠٧، تەنها ئاماژە بە کاری ڕۆژنامەگەری تایبەت بە ڕۆژنامە و گۆڤار کراوە، لەڕوی دەرکردنی ڕۆژنامەوە هەنگاوی باشی ناوە، کە تیایدا سزای زیندانیکردنی ڕۆژنامەنوسانی دانەناوە و دەرکردنی ڕۆژنامەشی نەبەستۆتەوە بە سیستمی مۆڵەت وەرگرتنەوە، بەڵکو بە سیستمی تۆمارکردن ناوی بردوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە پرۆژەیەکی تەواو گشتگیر بێت، بەتایبەت لەڕوی بەدەستخستنی ماف و ئازادییەکان و بەرفراوانکردنی مەوداکانی ئازادی ڕادەربڕین(**ڕەسوڵ، 2009، لا142**).

دۆخی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا هەندێ جار لەدەرەوەی هەردو سیستمەکەیە بۆ نمونە لەڕوی خاوەندارێتییەوە یاسایەک نییە بۆ ڕێکخشتنی خاوەندارێتی میدیا، و خاوەندارێتی میدیا ڕەخساوە بۆ هەموان، بەڵام دیارترین خاوەندارێتی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا خاوەندارێتی میدیای حزبییە جا بەشێوەی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، ئەو میدیای حزبیەش گوزارشت نییە لە دیدی حزبێکی دیاریکراو کە جڵەوی فەرمانڕەوایی وڵاتی گرتۆتە دەست هاوشێوی سیستمە تۆتالیتارییەکان، بەڵکو گوزارشتە لە بەرژەوەندی کۆمەڵێک حزب نەک سیستمێکی سیاسی دیاریکراو، واتە ئەو خاوەندارێتییە ئەوەندە تەعبیر لەحزب و ئایدیا و ئاڕاستەیەکی سیاسی و فیکری دیاریکراو دەکات کەمتر مۆرکی میدیایەکی نیشتیمانیان پێوەدیارە(**ڕیشاوی، ٢٠١٥، لا٣٦٧**).

## ٣: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە:

### پێشەکی:

بە ئامانجی گەیشتن بە ڕای ئەکادیمییانی بواری میدییا سەبارەت بە (ڕۆڵی ژینگەی سیاسی لە سازاندنی پەیامی کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان)، توێژەر فۆرمێکی ڕاپێوی ئامادەکرد. سەرئەنجام لە ڕێگەی خستنەڕوی ڕاستی ڕواڵەتی و جێگیری بۆ فۆرمی ڕاپرسییەکە، دەرکەوت ڕێککەوتنی هەڵسەنگێنەران بەڕێژەی (٩٢%) هاوڕان، هەروەها بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی جێگیری باوەڕپێکراو یان هاویەکی (الموثوقية أو الاتساق)، توێژەر هاوکۆلکەی (Cronbach's Alfa)ی بۆ فۆرمی ڕاپرسییەکە بەکارهێنا، و بەڕێژەی (٩٠%) فۆرمی ڕاپێوییەکە جێگیرییەکەی لە ئاستێکی باشدایە و دەتوانرێت متمانەی پێبکرێت.

## ٣-١: ئاستی پەیڕەوکردنی پێوەرە پیشەییەکان لە سازاندنی پەیامدا:

خشتەی (٢)

ئاستی پەیڕەوکردنی پێوەرە پیشەییەکان لەو بابەتانەی لەهەواڵی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بڵاودەکرێنەوە

| ئاستی پەیڕەوکردن | ج | % | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرە |
|---|---|---|---|---|
| بەتەواوی پەیڕەوی دەکەن | ٢ | ٢.٤ | ٠.٩٦٢ | ٣.٤٥ |
| پەیڕەوی دەکەن | ١٩ | ٢٢.٦ | | |
| نازانم | ٥ | ٦ | | |
| پەیڕەوی ناکەن | ٥٥ | ٦٥.٥ | | |
| بەهیچ شێوەیەک پەیڕەوی ناکەن | ٣ | ٣.٦ | | |
| کۆ | ٨٤ | ١٠٠ | | |

وەک لە خشتەی (٢) دەرکەوتوە:

لە ئەنجامی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە، سەبارەت بەئاستی پەیڕەوکردنی پێوەرە پیشەییەکانی ڕۆژنامەنوسان لەو بابەتانەی، لە هەواڵی کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییەکانەوە بڵاودەکرێنەوە، دەرکەوت؛ لە پلەی یەکەمدا و بەڕێژەی (٦٥.٥%)، کە دەکاتە نزیکەی (٣/٢)ی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، پێیانوایە کە ڕۆژنامەنوسان پێوەرە پیشەییەکان (پەیڕەوناکەن)، پاشان لەپلەی دووەمدا و بەڕێژەی (٢٢.٦%) پێیانوایە ڕۆژنامەنوسان پەیڕەوی پێوەرە پیشەییەکان دەکەن، لەلایەکی ترەوە لە پلەی سێیەمدا، بە ڕێژەی (٦%)ی سامپڵی توێژینەوەکە بە (نازانم) وەڵامیان داوەتەوە، پلەی چوارەم لە بەرژەوەندی (بەهیچ شێوەیەک پەیڕەوی ناکەن) دێت، بەڕێژەی (٣.٦%)، لە کۆتاییدا (بەتەواوی پەیڕەوی دەکەن)، لە پلەی پێنجەمدایە و بە ڕێژەی (٢.٤%).

ئەنجامەکان دەرخەری ئەوەن کە ناوەندی ئاستی پەیڕەوکردنی پێوەرە پیشەییەکان (٣.٤٥)ە، دواجار ئەو ڕێژەیە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە مامۆستایان لە بەشە میدیاییەکانی زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان–عێراق، پێیان وایە کە ڕۆژنامەنوسان لەپەیامسازیدا پێوەرە پیشەییەکان (پەیڕەوناکەن) لە کاتێکدا کە بابەتە هەواڵییەکانیان بڵاو دەکەنەوە.

لە چارەسەرییە ئامارییەکاندا جیاوازییەکی ئاماری ئاماژەدار بەرچاودەکەوێت لە نێوان ئاستی پەیڕەوکردنی پێوەرە پیشەییەکان لەلایەن ڕۆژنامەنوسان، و بەرپرسانە مامەڵەکردنی ئەو دەزگا میدیاییانەی کە ڕۆژنامەنوسان کاری تێدا دەکەن. لە تاقیکردنەوەی(One Way ANOVA) بۆ شیکاری جیاوازی لە یەک ڕێگاوە بە بەهای (٢٩.٤١٣)، و ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٠٠)، و نمرەی ئازادی (٣، ٨٠) ئەو جیاوازییە بەڕونی دەرکەوتوە کە (هیچکام) لە دەزگا میدیاییەکان بەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ ڕوداو و پێشهاتەکاندا ناکەن لەکاتێکدا پەیامەکانیان سازدەدەن، لەڕێگەی (Post Hoc Tests)ەوە تاقیکردنەوەی (LSD)یش بە جیاوازی ناوەندەژمێرەی (١.٤١٠) لەگەڵ میدیای حزبەکانی ناو حکومەت، و (١.٥٥٣) بەرامبەر بە میدیای حزبەکانی دەرەوەی حکومەت، و بە بەهای (١.٣٨١) لە بەرامبەر میدیای ئەهلی جەختی لەسەر ئەو جیاوازییە کردۆتەوە، سەرهەڵدانی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی جەخت لەسەر ئەوە دەکات، بەرپرسیارێتی ڕۆژنامەنوسانە کە

بەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ زانیارییەکان بکەن تا بتوانێت لەبارەی پرسە جۆراوجۆرەکانەوە ڕای جەماوەریان لەسەر بونیادبنرێت، بەمەش کاریگەری پیشەییانە و سەرکەوتو کاریگەر بەرهەم دێنن، بەڵام ئەوەی لێرەدا بەدیدەکرێت، بەرتوێژان پێیانوایە کە ڕۆژنامەنوسانی هیچکام لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ ڕوداو و پێشهاتەکاندا ناکەن، لەبەرامبەردا و لە خشتەی ژمارە (١) بەرتوێژان پێیانوایە کە ڕۆژنامەنوسان نەیانتوانیوە ئەو پەیامانەی لە هەواڵی کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییەکانەوە بڵاودەکرێنەوە پێوەرە پیشەییەکان پەیڕەوبکەن. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە هەرکاتێک ڕۆژنامەنوس نەیتوانی بەرپرس بێت بەرامبەر پیشەکەی، لەبەرامبەردا ناتوانێت پێوەرە پیشەییەکان پەیڕەو بکات و پەیامێکی سەنگین بخاتەڕو. بەڕونی لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتەڕو:

خشتەی (٣)

شیکاری چیاوازی(One-Way ANOVA) بۆ ئاستی پەیڕەوکردنی پێوەرە پیشەییەکان لەو بابەتانەی لەهەواڵی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بڵاودەکرێنەوە بەپێی جۆری دەزگا میدیاییەکە.

| ئاستی پەیڕەوکردن دەزگا میدیاییەکان | چ | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | لادانی چوارینە | نمرەی ئازادی | ناوەندی چوارینە | بەهای F | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| میدیای حزبەکانی ناو حکومەت | ١٤ | ٢.٥٧ | ٠.٨٥٢ | ٤٠.٢٨٦ | ٣ | ١٣.٤٢٩ | ٢٩.٤١٣ | ٠.٠٠٠ |
| میدیای حزبەکانی دەرەوەی حکومەت | ٧ | ٢.٤٣ | ١.٢٧٢ | ٣٦.٥٢٤ | ٨٠ | ٠.٤٥٧ | | |
| میدیای ئەهلی | ١٠ | ٢.٦٠ | ٠.٩٦٦ | ٧٦.٨١٠ | ٨٣ | | | |
| هیچکامیان | ٥٣ | ٣.٩٨ | ٠.٤١٦ | | | | | |
| کۆ | ٨٤ | ٣.٤٥ | ٠.٩٦٢ | | | | | |

## ٣-٢: ڕۆڵی ژینگەی سیاسی لەسەر پەیامی میدیایی:

خشتەی (٤)

ڕۆڵی ژینگەی سیاسی لە سازاندنی پەیامە میدیاییەکان لەدیدی بەرتوێژانەوە.

| ئاست / برگە | هەمیشە چ | هەمیشە % | زۆرجار چ | زۆرجار % | هەندێکجار چ | هەندێکجار % | بەدەگمەن چ | بەدەگمەن % | هەرگیز چ | هەرگیز % | ن | ئاست | ڕیزبەند |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رۆژنامەنوسان لەڕێگەی پەیوەندییەکانیان بە بەرپرسانی سیاسییەوە،زانیاری بەدەستدەهێنن. | ٩ | ١٠.٧ | ٥٧ | ٦٧.٩ | ١٦ | ١٩ | ٢ | ٢.٤ | – | – | ٣.٨٧ | بەرز | ٥ |
| رۆژنامەنوسان گشتگیرانە زانیارییەکان دەخەنەڕو، جەخت لەسەر بەشێکی ڕوداوەکە ناکەن. | ٤ | ٤.٨ | ٤٤ | ٥٢.٤ | ٢٨ | ٣٣.٣ | ٧ | ٨.٣ | ١ | ١.٢ | ٣.٥١ | بەرز | ٧ |
| فشارە سیاسییەکان لەمپەڕن لەبەردەم پیشەییبونی رۆژنامەنوساندا. | ٢٨ | ٣٣.٣ | ٣٨ | ٤٥.٢ | ١٤ | ١٦.٧ | ٣ | ٣.٦ | ١ | ١.٢ | ٤.٠٦ | بەرز | ٤ |
| -رۆژنامەنوسان لە رومالّكردنی ڕوداوەکاندا بەرژەوەندییە سیاسییەکان دەکەنە پێوەر. | ٢٤ | ٢٨.٦ | ٤٢ | ٥٠ | ١٨ | ٢١.٤ | – | – | – | – | ٤.٠٧ | بەرز | ٣ |
| رۆژنامەنوسان لە کاتی وەرگرتنی لێدوانەکاندا بەگوێرەی ئایدۆلۆژیای خۆیان بڵاویاندەکەنەوە. | ٢٥ | ٢٩.٨ | ٤٨ | ٥٧.١ | ٧ | ٨.٣ | ٤ | ٤.٨ | – | – | ٤.١٢ | بەرز | ٢ |
| رۆژنامەنوسان پیشەگەرن لە ژێر فشاری سیاسیدا هیچ سەرچاوەیەک فەرامۆش ناکەن. | ٤ | ٤.٨ | ١٦ | ١٩ | ٣٠ | ٣٥.٧ | ٢٧ | ٣٢.١ | ٧ | ٨.٣ | ٢.٨٠ | مامناوەند | ١٢ |
| رۆژنامەنوسان بەگوێرەی سیاسەتی کەناڵەکانیان مامەڵە لەگەڵ هەر نارەزایەتییەکی جەماوەریدا، دەکەن نەک بەگوێرەی بەرژەوەندیی خەڵک. | ٣٥ | ٤١.٧ | ٣٩ | ٤٦.٤ | ٨ | ٩.٥ | ١ | ١.٢ | ١ | ١.٢ | ٤.٢٦ | زۆر بەرز | ١ |
| رۆژنامەنوسان هاوسەنگیی لە لایەنەکانی هەرهەواڵ و دۆزێکدا دەپارێزن و بۆ بینەری جێدێڵن کە راو هەڵوێستی خۆی لەسەریان دروست بکات. | ٤ | ٤.٨ | ١٤ | ١٦.٧ | ٤٠ | ٤٧.٦ | ١٩ | ٢٢.٦ | ٧ | ٨.٣ | ٢.٨٧ | مامناوەند | ١٠ |
| رۆژنامەنوسان پیشەگەرن رای تایبەتی خۆیان لە دۆزەکاندا تێکەڵ بە ڕاستییەکان ناکەن. | ٥ | ٦ | ١٦ | ١٩ | ٣٠ | ٣٥.٧ | ٢٧ | ٣٢.١ | ٦ | ٧.١ | ٢.٨٥ | مامناوەند | ١١ |
| رۆژنامەنوسان لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی هەواڵدا، سەرجەم لایەنە سەرەکییەکانی رووداو و پێشهاتەکان بەشداردەکەن و دەرفەتیان پێدەدرێت رای خۆیان دەربببڕن بە بێ جیاوازی. | ٣ | ٣.٦ | ١٤ | ١٦.٧ | ٤٠ | ٤٧.٦ | ٢٣ | ٢٧.٤ | ٤ | ٤.٨ | ٢.٨٧ | مامناوەند | ٩ |
| ئەو هەواڵانە پشتگوێ دەخەن لە کاتێکدا سەرچاوەکەی میدیایەکی رکابەر بێت. | ١٠ | ١١.٩ | ٣٦ | ٤٢.٩ | ٣٠ | ٣٥.٧ | ٧ | ٨.٣ | ١ | ١.٢ | ٣.٥٦ | بەرز | ٦ |
| لە کاتی خستنەڕوی دەرەنجامی هەر پرۆسەیەکی دیموکراسیدا، پشت بە داتای سەرچاوە فەرمییەکان دەبەستن نەک لێدوان و قسەی لایەنە بەشداربووەکانی پرۆسەکە. | ٤ | ٤.٨ | ٢٢ | ٢٦.٢ | ٣٥ | ٤١.٧ | ١٧ | ٢٠.٢ | ٦ | ٧.١ | ٣.٠١ | مامناوەند | ٨ |
| کۆ | ناوەندی گریمانەیی ٣٦ ناوەندی خشتەیی ٤١.٨٥ | | | | | | | | | | ٣.٤٨ | بەرز | |
| بەهای T ١١.١٤٢ نمرەی ئازادی ٨٣ ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٠٠ جیاوازی ناوەندەژمێرە ٥.٨٤٥ | | | | | | | | | | | | | |

وەک لە خشتەی (٤) دەرکەوتوە:

ئەنجامی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە، دەریدەخات کە بەشێوەیەکی گشتی ژینگەی سیاسی لە ئاستێکی (بەرز)دا ڕۆڵ دەبینێت لەسەر سازاندنی پەیامە میدیاییەکان، ئەمەش ناوەندی خشتەیی برگەکانی ئەم تەوەرە بە بەهای (٤١.٨٥)، و بە جیاوازی ناوەندەژمێرەی (٥.٨٤٥) کە زیاترە لە ناوەندی گریمانەیی بەبەهای (٣٦)،

هاوکۆلکەی (One-Sample Ttest) بە بەهای T (١١.١٤٢)، و نمرەی ئازادی (٨٣)، وئاستی بەڵگەداری (٠.٠٠٠) و ناوەندەژمێرەی گشتی (٣.٤٨) سەلمێنەری ئەو ئەنجامەیە کە زۆرجار ژینگەی سیاسی ڕۆڵ دەگێڕێت لە سازکردن و ناوەڕۆکی پەیام لە کەناڵە هەواڵییە تەلەفیزیۆنییە کوردییەکاندا.

کۆی گشتی ئەو ئەنجامانە کاریگەری لەسەر بڕگەکانی ناو ئەم تەوەرە کردوە بەشێوەی جیاواز جیاواز، بەشێوەیەک بڕگەی (ڕۆژنامەنوسان بەگوێرەی سیاسەتی کەناڵەکانیان مامەڵە لەگەڵ هەر نارەزایەتییەکی جەماوەریدا، دەکەن نەک بەگوێرەی بەرژەوەندیی خەڵک) لە پلەی یەکەمدایە بە ناوەندەژمێرەی (٤.٢٦)، بەپێی پێوەری (لیکارت) بەرتوێژان پێیان وایە کە (هەمیشە) ڕۆژنامەنوسان سیاسەتی کەناڵەکانیان زاڵە بەسەر بەرژەوەندییەکانی جەماوەردا. لەلایەکی ترەوە بە ناوەندەژمێرەی (٤.١٢) بەرتوێژان پێیانوایە لە پلەی دوەمدا (زۆرجار) (ڕۆژنامەنوسان ئەو لێدوانانەی بۆ هەواڵەکان وەریان دەگرن بەگوێرەی ئایدۆلۆژیای خۆیان بڵاویان دەکەنەوە) واتە خودی ڕۆژنامەنوس هەر ئایدۆلۆژیایەکی هەبێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر هەواڵ و زانیارییەکانی دەبێت. لە هەمان کاتدا بە ناوەندەژمێرەی (٤.٠٧)، زۆرجار (ڕۆژنامەنوسان لە ڕوماڵکردنی ڕوداوەکاندا بەرژەوەندییە سیاسییەکان دەکەنە پێوەر) لە پلەی سێیەمدایە. بە هەمان شێوە و بە بڕێکی کەمێک جیاوازتر بەرتوێژان پێیانوایە کە (زۆرجار)، (فشارە سیاسییەکان لەمپەڕن لەبەردەم پیشەییبونی ڕۆژنامەنوساندا)، بە ناوەندەژمێرەی (٤.٠٦) لە پلەی چوارەمدایە. بەم شێوەیە بڕگەی (ڕۆژنامەنوسان لەڕێگەی پەیوەندییەکانیان بەبەرپرسانی سیاسییەوە، زانیاری بەدەستدەهێنن) پلەی پێنجەمی وەرگرتوە بە ناوەندەژمێرەی (٣.٨٧)، بەرتوێژان پێیانوایە کە (زۆرجار) پەیوەندی ڕۆژنامەنوس لەگەڵ بەرپرسانی سیاسی کارئاسانی دەکات بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکانی. پاشان لە پلەی شەشەمدا بەرتوێژان پێیانوایە بە ناوەندەژمێرەی (٣.٥٦)، (زۆرجار) ڕۆژنامەنوسان (ئەو هەواڵانە پشتگوێ دەخەن کاتێک سەرچاوەکەی میدیایەکی ڕکابەربێت). بە هەمان شێوە و لە پلەی حەوتەمدا، بە ناوەندە ژمێرەی (٣.٥١) بەرتوێژان پێیانوایە کە (زۆرجار) ڕۆژنامەنوسان (گشتگیرانە زانیارییەکان دەخەنەڕو، جەخت لەسەر بەشێکی ڕوداوەکە ناکەن).

بڕگەکانی تری ژینگەی سیاسی بە بڕی کەمتر لە ڕیزبەندییەکەدان، بەشێوەیەک کە لە پلەی هەشتەمدا بەرتوێژان پێیانوایە کە (هەندێکجار) ڕۆژنامەنوسان (لە کاتی خستنەڕوی دەرەنجامی هەر پرۆسەیەکی دیموکراسیدا، پشت بە داتای سەرچاوە فەرمییەکان دەبەستن نەک لێدوان و قسەی لایەنە بەشداربوەکانی پرۆسەکە). بەڵام پلەی نۆیەم و دەیەم بە هەمان ناوەندەژمێرە (٢.٨٧)، پەرتوێژان پێیانوایە کە (هەندێکجار)، ڕۆژنامەنوسان (لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی هەواڵدا، سەرجەم لایەنە سەرەکییەکانی ڕوداو و پێشهاتەکان بەشداردەکەن و دەرفەتیان پێدەدرێت ڕای خۆیان دەرببڕن بە بێ جیاوازی)، و (هاوسەنگیی لە لایەنەکانی هەرهەواڵ و دۆزێکدا دەپارێزن و بۆ بینەری جێدێڵن کە ڕاو هەلوێستی خۆی لەسەریان دروست بکات). لە لایەکی ترەوە بە جیاوازییەکی کەم ڕۆژنامەنوسان (هەندێکجار) (پیشەگەرن ڕای تایبەتی خۆیان لە دۆزەکاندا تێکەڵ بە ڕاستییەکان ناکەن) لە پلەی یانزەدایە، لە کۆتاییدا و لە پلەی دوانزەهەمدا بەرتوێژان پێیانوایە کە (هەندێکجار) ڕۆژنامەنوسان (پیشەگەرن لە ژێر فشاری سیاسیدا هیچ سەرچاوەیەک فەرامۆش ناکەن).

## ٣-٣: کاریگەری گۆڕاوی ڕەگەزی سامپڵ لەسەر ژینگەی سیاسی:

خشتەی (٥)

تاقیکردنەوەی (Independent-Samples Ttest) بۆ خستنەڕوی جیاوازی گۆڕاوی ڕەگەز سەبارەت ڕۆڵی ژینگەی سیاسی لە سازاندنی پەیامدا

| ژینگەی میدیایی | ڕەگەز | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | بەهای T |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سیاسی | نێر | ٤١.٦٨ | ٥.٠١٧ | ٨٢ | ٠.٥٩٤ | ٠.٥٣٥ |
| | مێ | ٤٢.٣٢ | ٤.٢٣٦ | | | |

وەک لە خشتەی (٥) دەرکەوتوە:

بە مەبەستی تاقیکردنەوەی کاریگەری گۆڕاوی ڕەگەز لەسەر ژینگەی سیاسی، توێژەر سودی لە تاقیکردنەوەی (Ttest) وەرگرت، لەسەر ئەو بنەمایە دەرکەوت کە هیچ جیاوازییەکی ئاماری ئاماژەدار لە نێوان ڕای ڕەگەزی (نێر و مێ)دا بەدینەکرا سەبارەت بە ڕۆڵی ژینگەی سیاسی لە سازاندنی پەیامی میدیاییدا، ناوەندی ڕەگەزی نێر (٤١.٦٨)ە، لە بەرامبەر ناوەندی ڕەگەزی مێ (٤٢.٣٢). پاشان بەهای T هەژمارکراو بە بڕی (٠.٥٣٥)، کە بەهایەکی ئاماژەدار نییە لەسەر ئاستی نمرەی ئازادی (٨٢) و ئاستی بەڵگەداری (٠.٥٩٤).

## ٣-٤: کاریگەری گۆڕاوی تەمەنی سامپڵ لەسەر ژینگەی سیاسی:

خشتەی (٦)

تاقیکردنەوەی (One-Way ANOVA) بۆ خستنەڕوی جیاوازی گۆڕاوی تەمەن سەبارەت بە ڕۆڵی ژینگەی سیاسی لە سازاندنی پەیامدا

| تەمەن | | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | لادانی چوارینە | نمرەی ئازادی | ناوەندی چوارینە | بەهای F | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سیاسی | ٢٥-٢٩ | ٣٩ | - | ٧٢.٤٣١ | ٥ | ١٤.٤٨٦ | ٠.٦١٢ | ٠.٦٩١ |
| | ٣٠-٣٤ | ٤٢ | ٤.٥٠٩ | | | | | |
| | ٣٥-٣٩ | ٤٣.٠٥ | ٥.٣٣٦ | | ٧٨ | | | |
| | ٤٠-٤٤ | ٤٠.٦٧ | ٤.٩٣٣ | ١٨٤٦.٥٥ | | ٢٣.٦٧٤ | | |
| | ٤٥-٤٩ | ٤١.٣٨ | ٣.٨٤١ | | ٨٣ | | | |
| | ٥٠ بەرەوژور | ٤٢.٢٣ | ٤.٩٧٥ | | | | | |

وەک لە خشتەی (٦) دەرکەوتوە:

بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی تەمەن لە سەر ژینگەی سیاسی لە سازاندنی پەیامدا، توێژەر سودی لە هاوکۆلکەی (ANOVA) وەرگرت، بۆ شیکردنەوەی جیاوازی بە یەک ئاراستە، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە هیچ جیاوازییەکی ئاماژەدار لە تەمەنی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بونی نییە بە پێی دەستەکانی تەمەن (٢٥-٢٩،

٣٠-٣٤، ٣٥-٣٩، ٤٠-٤٤، ٤٥-٤٩، ٥٠ ساڵ بەرەوژور) لەسەر ژینگەی سیاسی لە سازاندنی پەیامە میدیاییەکاندا، سەرەڕای ئەوەی دەستەی تەمەنی (٢٥-٢٩) و (٤٥-٤٩) ناوەندە ژمێرەکانیان لە چاو دەستەکانی تری تەمەن نزمترە، بەڵام دەرەنجام بە هۆی نزیکی ناوەندە ژمێرەکانیان وە بەرزی ئاستی بەڵگەدارییان لەچاو (٠.٠٥)، ئەوە سەلمێنرا کە گۆڕاوی تەمەنی مامۆستایانی بەشەکانی میدیا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق جیاوازی لە وەڵامەکانیاندا بەدی ناکرێت؛ سەبارەت ڕۆڵبینینی ژینگەی سیاسی، پێیان وایە کە کاریگەری لەسەر سازاندنی پەیام دەبێت: بە شێوەیەک ژینگەی سیاسی: بە بەهای (F)ی هەژمارکراو (٠.٦١٢)، بەهایەکی ئاماژەدار نییە بۆ بونی جیاوازی لە ئاست نمرەکانی ئازادی (٥، ٧٨)، و ئاستی بەڵگەداری (٠.٦٩١).

## ٣-٥: کاریگەری شوێنی کارکردنی سامپڵ لەسەر ژینگەی سیاسی:

خشتەی (٧)

تاقیکردنەوەی (One-Way ANOVA) بۆ خستنەڕوی جیاوازی گۆڕاوی شوێنی کارکردن سەبارەت بە ڕۆڵی ژینگەی سیاسی لە سازاندنی پەیامدا

| شوێنی کارکردن | | ناوەندە ژمێرە | لادانی پیوەری | لادانی چوارینە | نمرەی ئازادی | ناوەندی چوارینە | بەهای F | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سیاسی | سلێمانی | ٤١.٤٨ | ٣.٦٩١ | ٣٦٥.٧٨٩ | ٥ | ٧٣.١٥٨ | ٣.٦٧٤ | ٠.٠٠٥ |
| | سەلاحەدین | ٤١.٦٥ | ٢.٧٨٣ | | | | | |
| | پۆلیتەکنیکی سلێمانی | ٣٩.٩٠ | ٤.٩٠٩ | | ٧٨ | | | |
| | پۆلیتەکنیکی هەولێر | ٤٥.٤٤ | ٥.٥٥٤ | ١٥٥٣.١٩٩ | | ١٩.٩١٣ | | |
| | دهۆک | ٣٧.٦٧ | ٤.١٦٣ | | ٨٣ | | | |
| | هەڵەبجە | ٤١.٣٣ | ٧.٥٠٦ | | | | | |

وەک لە خشتەی (٧) دەرکەوتوە:

بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی شوێنی کارکردن بەپێی ئەو زانکۆیانەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی تیادایە، توێژەر سودی لە هاوکۆلکەی (ANOVA) وەرگرت، بۆ شیکردنەوەی جیاوازی بە یەک ئاراستە، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە چیاوازییەکی ئاماری ئاماژەدار هەیە بە جیاوازی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لەو زانکۆیانەی کاری تێدا دەکەن، ئەمەش بەپێی جیاوازییان لە ناوەندەژمێرە و نزمی ئاستی بەڵگەدارییان لەچاو (٠.٠٥)، دەریدەخات کە مامۆستایانی (پۆلۆتەکنیکی هەولێر) بە ناوەندە ژمێرەی (٤٥.٤٤)، و بەهای (F)ی هەژمارکراو (٣.٦٧٤)، کە بەهایەکی ئاماژەدارە بۆ بونی جیاوازی لە ئاست نمرەکانی ئازادی (٥، ٧٨)، و ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٠٥)، بە بەراورد بە زانکۆ حکومییەکانی تری کۆمەڵگەی توێژینەوەکە زیاتر بڕوایان وایە کە ژینگەی سیاسی ڕۆڵ دەگێڕێت لە سازاندنی پەیامی میدیایی لە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان، تاقیکردنەوەی (LSD) بە ڕونی ئەو جیاوازییەی خستوتەڕو، کە ناوەندەژمێرەکەی جیاواز دەردەکەوێت بە بڕی (٣.٩٦٦) لەگەڵ زانکۆی (سلێمانی)، و ناوەندەژمێرەی (٣.٧٩٧) لەگەڵ زانکۆی (سەلاحەدین)، و ناوەندەژمێرەی

(٥.٥٤٤) لەگەڵ (پۆلیتەکنیکی سلێمانی)، و ناوەندەژمێرەی (٧.٧٧٨) لەگەڵ زانکۆی (دهۆک)، ناوەندەژمێرەی (٤.١١١) لەگەڵ زانکۆی (هەڵەبجە)، جیاوازییان هەیە.

## ٣-٦: کاریگەری پلەی زانستی سامپڵ لەسەر ژینگەی سیاسی:

خشتەی (٨)

تاقیکردنەوەی (One-Way ANOVA) بۆ خستنەڕوی جیاوازی گۆڕاوی پلەی زانستی سەبارەت بە ڕۆڵی ژینگەی سیاسی لە سازاندنی پەیامدا

| پلەی زانستی | | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | لادانی چوارینە | نمرەی ئازادی | ناوەندی چوارینە | بەهایF | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سیاسی | مامۆستای یاریدەدەر | ٤٢.٥٢ | ٦.٠٤٩ | ٣٧.٥٨١ | ٣ | ١٢.٥٢٧ | ٠.٥٣٣ | ٠.٦٦١ |
| | مامۆستا | ٤٢.٠٨ | ٤.٢٧٢ | | | | | |
| | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ٤١.٣٣ | ٤.٢٤٠ | ١٨٨١.٤٠٧ | ٨٠ | ٢٣.٥١٨ | | |
| | پرۆفیسۆر | ٣٩ | ٢.٨٢٨ | | | | | |

وەک لە خشتەی (٨) دەرکەوتوە:

بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی پلەی زانستی مامۆستایانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، سەبارەت بە ژینگەی سیاسی، توێژەر سودی لە هاوکۆڵکەی (ANOVA) وەرگرت، بۆ شیکردنەوەی جیاوازی بە یەک ئاراستە، دەرکەوت کە هیچ جیاوازییەکی ئاماژەدار لە ئاست پلەی زانستی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بونی نییە بەپێی پلە زانستییەکانی (مۆستای یاریدەدەر، مامۆستا، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، پرۆفیسۆر) لەسەر ڕۆڵبینینی ژینگەی سیاسی لە سازاندنی پەیامی میدیایی، بۆیە لە ئەنجامدا بە هۆی نزیکی ناوەندە ژمێرەکانیان، و بەرزی ئاستی بەڵگەدارییان لەچاو (٠.٠٥)،بەهای (F)ی هەژمارکراو بە بەهای (٠.٥٣٣)، دەیسەلمێنێت کە بەهایەکی ئاماژەدار نییە بۆ بونی جیاوازی لە ئاست نمرەکانی ئازادی (٣، ٨٠)، و ئاستی بەڵگەداری (٠.٦٦١).

## ٣-٧: کاریگەری گۆڕاوی ئەزمونی سامپڵ لەسەر ژینگەی سیاسی:

خشتەی (٩)

تاقیکردنەوەی (Independent-Samples Ttest) بۆ خستنەڕوی جیاوازی گۆڕاوی ئەزمونی کارکردنی سامپڵی توێژینەوەکە لە دەزگا میدیاییەکاندا، سەبارەت بە ڕۆڵی ژینگەی سیاسی لە سازاندنی پەیامدا

| ژینگەی میدیایی | ئەزمون | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | بەهایT |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سیاسی | بەڵێ | ٤١.٣٩ | ٤.٤٣٤ | ٨٢ | ٠.١٠٠ | ٠.٥١٨ |
| | نەخێر | ٤٣.٥٠ | ٥.٨٣٣ | | | |

وەک لە خشتەی (٩) دەرکەوتوە:

بە مەبەستی تاقیکردنەوەی کاریگەری گۆڕاوی ئەزمون سەبارەت بە ژینگەی سیاسی، توێژەر سودی لە تاقیکردنەوەی (Ttest) وەرگرت، لەسەر ئەو بنەمایە دەرکەوت، هیچ جیاوازییەکی ئاماری ئاماژەدار لە نێوان مامۆستایانی(ئەزموندار و بێ ئەزمون) بەدینەکرا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گۆڕاوی ئەزمون کاریگەری نییە،

ئەمەش لەدوای ئەو نزیکییە زۆرەی کە لە ناوەندە ژمێرەکانییاندا دەرکەوت، ناوەندی گۆڕاوی ئەو مامۆستایانەی کە ئەزموندارن (٤١.٣٩)یە، لە بەرامبەر ناوەندی گۆڕاوی بێ ئەزمون کە(٤٣.٥٠)یە. پاشان وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت بەهای T هەژمارکراو بە بڕی (٠.٥١٨)، بەهایەکی ئاماژەدار نییە بۆ بونی جیاوازی لە ئاست نمرەی ئازادی (٨٢) و ئاستی بەڵگەداری (٠.١٠٠).

**ئەنجامی توێژینەوەکە:** توێژەر لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە، گەیشتە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە:

1 – مامۆستایانی بەشی میدیا لە سەرجەم زانکۆ حکومییەکان، پێیانوایە کە میدیا و ڕۆژنامەنوسان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە دارشتن و ناوەڕۆکی پەیامەکانیاندا نەیانتوانیوە بەپێی پێویست پابەند بن بە پێوەرە پیشەییەکانەوە.

2 – لەلایەنی مەیدانی توێژینەوەکە مامۆستایانی سامپڵی توێژینەوەکە پێیانوایە، کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و ڕۆژنامەنوسان، بەپێی جۆری خاوەندارێتیان، هیچ کام لەو دەزگایانەی کە (سەر بە حکومەت و حیزبن یان لە دەرەوەی حکومەتن یان میدیای ئەهلین) پابەند نین بە پەیرەوکردنی پێوەرە پیشەییەکانەوە، کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر پەیامە میدیاییەکان بەجێدەهێڵێت.

3 – بەشێوەیەکی گشتی دەرکەوتوە کە ژینگەی سیاسی (زۆرجار) ڕۆڵ دەبینێت لەسەر سازاندنی پەیامە میدیاییەکان، و کاریگەری نەرێنی لەسەر پەیامە میدیاییەکان دروست دەکات، بە شێوەیەک کە (میدیا و ڕۆژنامەنوسان بەگوێرەی سیاسەتی کەنالەکانیان مامەڵە لەگەڵ هەر نارەزایەتییەکی جەماوەریدا دەکەن نەک بەگوێرەی بەرژەوەندیی خەڵک)، لەکۆی گشتی بڕگەکانی تایبەت بە ژینگەی سیاسی پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە.

4 – سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان (ڕەگەز، تەمەن، شوێنی کارکردن، پلەی زانستی، ئەزمونی کارکردن لە دەزگا میدیاییەکاندا)، بەبێ جیاوازی ڕایان وایە کە ژینگەی سیاسی (زۆر جار) ڕۆڵ دەبینێت و کاریگەری (نەرێنی) لەسەر ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکان دروست دەکات و دەبنە لەمپەڕ لەبەردەم ڕۆژنامەنوسان لە خستنەڕوی زانیارییەکاندا.

**ڕاسپاردەکان:**

1. سەرەڕای ئەو سانسۆرانەی ژینگەی سیاسی دایناوە، پێویستە لەسەر میدیا و ڕۆژنامەنوسان کە بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ پەیامە میدیاییەکاندا بکەن.
2. کەناڵە ئاسمانییەکان و ڕۆژنامەنوسان، پێویستە لەسەریان کە هەوڵ بدەن زانیاری و داتای ڕاست بخەنەڕو، و بتوانن لانی کەمی پێوەرە پیشەییەکانی تێدا ڕەچاوبکرێت.

**پێشنیارەکان:**

1. لایەنی پەیوەندیدار، یان سەندیکای ڕۆژنامەنوسان هەوڵی جیدی بدەن بۆ دەرچواندنی پەیماننامەیەکی شەرەفی میدیایی، لەو ڕێگەیەوە میدیا و ڕۆژنامەنوسان پابەندبکەن پێیەوە.

2. تا دەرچواندنی پەیماننامەیەکی شەرەفی میدیایی، دەزگا میدیاییەکان لە ناوخۆی دەزگاکانیاندا پرەنسیپێکی میدیایی دابڕێژن، یان هەوڵ بدەن ئاکارە خودییەکان پەیڕەو بکەن.

# Role of Political Environment on Content Editing in Kurdish Satellite Channels

Descriptive Research

**Ibrahim Saeed Fathulla[1] - Kawa Eizzadin Abdulrahman[2]**

[1+2]Media Department, Human Science College, University of Suleimani, Sulaymaniyah, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

This research in time with the wide range of the democracy and ethics duty spreads in KRG Television station out any requires on the journalist's, day after day everything gets change, but the action will request more awareness of how to collect and editing the information and how to broadcast it. the objectives of this research relate to a warning about how the media content influences the political environment on the KRG satellite Channels. For this reason, this research depends on the survey methodology, a survey to find out the opinions of all academic experts in the field of public university media departments in the Kurdistan Region-Iraq, duration from February, 2 till May 4, 2022. The characteristics of the research think that all media channels and journalists can't consist of professional skills (values, measurements). On the other hand, the researchers come to the conclusion that the political environment affected the media content, as. At the same time, besides the demography of the research, there are no differences in measurements that will reveal the positive direction.

**Key words:** Role, Political Environments, Content editing, Kurdish satellite.

## سەرچاوەكان:


سابیر بۆكانی(2015) میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چ٢، سلێمانی، هەرێمی كوردستان، چاپ و بڵاوكردنەوەی چوارچرا.

نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(2015) فەرهەنگی زاراوەكان، چ١، سلێمانی، ناوەندی غەزەلنوس.

هێرش ڕەسوڵ(2009)، ئازادی ڕادەربڕین لە ڕۆژنامەنوسی كوردیدا، چ١، سلێمانی، هەرێمی كوردستان، بڵاوكراوەكانی چاودێر، ژمارە ٧.

هەردەوان مەحمود. عەبدولخالق ئیبراهیم(2017)، ئابوری دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن، چ١، هەولێر، چاپخانەی بێریڤان.

یەحیا عومەر ڕیشاوی (2015)، ئاستەنگەكانی بەردەم بەنیشتمانیبونی میدیا لە هەرێمی كوردستاندا، لە نامیلكەی پەیپەرەكانی كۆنفرانسی بەنیشتمانیكردنی میدیا، سلێمانی، ڕێكخراوی مەشق بۆدیموكراسی و میدیا.

احمد قران الزهراني(2016)، السلطة السياسية والاعلام في الوطن العربي، مجلة المستقبل العربي، مركز دراسات الوحدة العربية ، العدد 445، اذار مارس.

انشراح شال(1985)، مدخل الى علم الاجتماع الاعلامي، ط١، القاهرة، مكتبة نهضة الشرق.

بسام عبدالرحمن المشاقبة(2011)، نظريات الاتصال، ط١، عمان، دار أسامة للنشر.

حسينة بوشيخ(2018)، بيئة العمل في القنوات التلفزيونية الجزائرية الخاصة وأثرها على الالتزام بالمعايير المهنية والأخلاقية، دراسة منشورة، الجزائر، مجلة العلوم الانسانية، جامعة أم بواقي، عدد٩.

خليل ابراهيم الضمداوي(2008)، بيئة العمل الصحفي في العراق، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، كلية الاعلام.

رفيق سكري(1991)، الرأيي العام والاعلام والدعاية، ط١، لبنان، جروس برس.

شێركۆ مەنگوڕی(2012)، واقع الصحافة بإقليم كوردستان العراق فی ضوء نظريات الصحافه، السليمانية، من منشورات صحيفه كوردستانی نوی.

علم البيئة، الادارة العامة لتصميم وتطوير المناهج، السعودية، المؤسسة العامة للتدريب التقني والمهني.

عمر راغب زيدان(2017) التغطية الاخبارية للصراعات الدولية في القنوات الفضائية، ط١، عمان،، دار النفائس للنشر والتوزيع.

محمود جاسم و: ردينة عثمان(2003)، التسويق الاعلامي-مدخل استراتيجي، ط١، (عمان، دار المناهج للنشر والتوزيع.

مي عبدالله(2014)، المعجم في مفاهيم الحديثة للاعلام والاتصال، ط١، (بيروت، دار النهضة العربية.

هادي نعمان الهيتي(2006)، في فلسفة اللغة والاعلام، ط١، (القاهرة، دار الثقافية للنشر.

Richard Braddoc (1985), An Extension Of The ‘Lasswell Formule’, ( Vol.8, iss 2. 1.

John Barry(1999), Environment And Social Theory, ( Routledge is an imprint of the Taylor&Francis Group.